# جوانییەکانی ئەدەب لە سەردەمی هیچوپووچیدا

**حسێن لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

ژیان بە هۆی بۆمبای ئەتۆمەوە لە ناو ناچێت، وەک ئەوەی ڕۆژنامەکان باسی دەکەن، بەڵکوو بە هۆی زیادەڕۆییکردن لە هیچوپووچیدا لە ناو دەچێت، کە ژیان بۆ نوکتەیەکی سەخیف دەگۆڕێت.

**(کارلۆس زافۆن)**

هیچوپووچی لە زمانی کوردیدا بە شتی بێ سوود و بێ نرخ دەوترێت. وشەیەکی لێکدراوە هیچ+پووچ. بۆ داماڵینی هەر شتێک لە نرخی خۆی، یان نیشاندانی وەک بێنرخێک بەکار دەهێنرێت. وشەکە هەڵگری برێکی زۆر لە توندوتیژیی ڕەمزییە، ئەگەر لە شوێنی شیاوی خۆیدا بەکار نەهێنرێت. بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئاستێکی فراواندا ئاماژەیە بۆ قبووڵنەکردنی یەکتر و جیاوازییە هزری و فەرهەنگییەکانی نێوان تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، یان هەر هەوڵ و داهێنانی هەر کەسێک لە هەر ئاستێک و لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت. فەرهەنگی زمانی هەر گەلێک نواندنەوەی ئاستی ژیاریی ئەو گەلەیە بەکاری دەهێنن.

ئەم سەردەمە، سەردەمی بیرکردنەوە و پرسیاری گەورە نییە، سەردەمی فراوانبوونی ئاسۆکانی ژیانگوزەراندن نییە لە بەردەم مرۆڤدا، بەڵکوو سەردەمی پشت کردنە کتێبە، تیرۆر و تەشەنەسەندنی ئایدز و بێکاری و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە دیارترین سیماکانی سەردەمەکەمانن. هەموو ئەمانە پێکەوە سەردەمێکیان خوڵقاندووە، دەکرێت بە سەردەمی هیچوپووچی ناوی ببەین.

مرۆڤ لە بەردەم دوو جۆر لە هیچوپووچیدایە، جۆری یەکەمیان سروشتییە، ڕەهەندی بوونگەرایی هەیە، لە ئەنجامی تێڕامان لە سروشتی ژیان و بیرکردنەوە لە چارەنووسی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ئەنجامی پرسیارگەلێکی وەک: (من کێم؟ من چیم؟ بۆچی لێرەم؟ تاکەی لێرەم؟ ئەی کەی دەڕۆم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟)، واتە

ئـەم جـۆرە لـە هیچوپووچـی لـە ئەنجامـی ڕسـکانی هۆشـیارییەوە بەرانبـەر بـە بـوون سـەرچاوە دەگرێت.

جـۆری دووەمـی هیچوپووچـی، جۆرێکـە بـۆ مـرۆڤ دەخولٚقێنرێـت، بـەو شـێوەی هـەر کاڵایـەک دروسـت دەکرێـت، جۆرێـک لـە هیچوپووچییـش بەرهـەم دەهێنرێـت، ئـەم جـۆرە پیشەسـازییە وامـان لـێ دەکات هیـچ بەهـا و تێهزرینێکمـان بـەلاوە گرنـگ نەبێـت، چونکـە دراوی تێـدا دەبێـت بـە هەمـوو شـتێک.

جـۆری یەکـەم مـرۆڤ تێیـدا بـە دوای مانـا وجوودییەکانـی خۆیـدا دەگەڕێـت، لـە جـۆری دووەمـدا مـرۆڤ خاڵـی دەبێتـەوە لـە مانـا. لـە جـۆری یەکەمـدا مـرۆڤ بـەدوای شـکۆی خـۆی و مرۆڤسالاریدا دەگەڕێـت، لـە جـۆری دووەمـدا مـرۆڤ دەبێتـە برغویـەک لـە ئامێرێکـی گـەورە، ئیشـپێکردن و خاوەنداریکردنـی بـۆ ئـەو هیچوپووچانـە دەگەڕێتـەوە کـە پیشەسـازییەکە بەڕێـوە دەبـەن.

## هیچوپووچی لە کوێدایە؟

هەسـتکردن بـە هیچوپووچـی دەشـێت بەرئەنجامی تێڕوانینـی مـرۆڤ بێـت بـۆ ژیـان، بـۆ پرسـەکانی لـە دایکبـوون و ژیـان و مـردن.

مـرۆڤ بە ویسـتی خـۆی نەهاتووەتە دنیاوە، کات و شـوێنی لـە دایکبوونـی پێوەندییـان بـە ئـەوەوە نییـە. لـە هاتـن و ڕۆشـتنیدا مافـی هەڵبـژاردن و بڕیـاری نییـە. کاتێکیـش مـرۆڤ ویسـتی لـە هاتـن و مانـەوە بـۆ ماوەیـەک و جێهێشـتنی دنیـا نەبـوو، ئـەوە هەسـتکردن بـە بێمانایـی و پووچـی داگیـری دەکـەن. زیاتـر لـە چارەکـە سـەدەیەک لەمەوبـەر هەسـتکردن بـە هیچوپووچـی ژیـان و مردنـم بـەم شـێوەیە دەربڕیـوە:

**لەدایکبوون سەفەرە بەرەو مردن**

**مردن سەفەرە بەرەو لەدایکبوون**

**لە سەفەری لەدایکبوون و مردنا**

**موسافیری بێ بلیتم» (١).**

لێـرەوە مـرۆڤ هەسـت دەکات فـڕێ دراوەتـە بوونـەوە، بەناچـاری بەرگـەی ژیـان دەگرێـت. ژیانگوزەرانـدن وەک گەمەیەکـی خاڵـی لـە مانـا درێـژە پـێ دەدات. ئەبولعـەلای مەعـەڕی وەسـیەت دەکات لەسـەر گۆڕەکـەی بنووسـن: (ئەمـە تاوانێـک بـوو باوکـم بەرانبـەر بـە مـن کـردی، مـن ئـەو تاوانـەم بەرانبـەر بـە کـەس نەکـردەوە)! ئەبولعـەلا نەوەخسـتنەوە بـە تـاوان دەزانێـت، ئـەو هـەر لەسـەرەتاوە لێـی ڕوونـە ئـەو منداڵـەی دەهێنرێتـە بوونـەوە، ڕاسـتییەکەی بـۆ مـردن ئامـادە دەکرێـت، بۆیـە ئـەو ئامـادە نییـە زەوی بـە نەوەخسـتنەوە قەرەباڵـغ بـکات، پاشـانیش ڕووبـەری گۆڕسـتانەکان فراوانتـر بـکات. لـە دایکبـوون و مـردن ئـەو دوو پرسـە بوونگەریانـەن، کـە مـرۆڤ لەبەرانبەریانـدا ناتوانێـت بەرگـری لـە خـۆی بـکات، بـا ڕەتیـان بکاتـەوە، بـەڵام دواجـار چارەنووسیشـن و هـەر قبووڵیـان دەکات.

فرانـس کافـکا لـە ڕۆمانـی (دادگـە)دا، چیرۆکـی چارەنووسـی کەسـێکمان بـۆ دەگێڕێتـەوە بـە نـاوی «جۆزیف ک Josef K»، ئەو کەسـە بەیانییەک بـە ئـاگا دێتـەوە، دووکـەس لەبـەردەم دەرگـەی ژوورەکەیـدان و پێـی ڕادەگەیەنـن لـە دادگـەوە داوا کـراوە، هـەر ناشـزانێت تاوانەکـەی چییـە کـە بـە هۆیـەوە لـە دادگـە بانـگ کـراوە، دادگاییەکـە بـە شـێوەیەکی بیرۆکراسـیانە بەڕێـوە دەچێـت». ئـەم دەقـە بـۆ مـن هـەر بەتەنیـا مانـای بوونـی سیسـتمێکی بیرۆکـرات ناگەیەنێـت کـە مـرۆڤ نازانێـت لـە بەرانبەریـدا چـۆن بەرگـری لـە خـۆی بـکات، بەڵکـوو مانایەکـی وجوودیانـەی هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە دادگـە جارێـک ژیانـە و جارێکیـش مردنـە، کـە مـرۆڤ نازانێـت بـە چ هۆکارێـک

هێنراوەتـە نـاو ژیانـەوە بـە چ هۆکارێکیـش ژیانـی لـێ دەسـێنرێتەوە! عومـەر خەیـام لـە یەکێک لـە چوارینەکانیـدا بـەم جـۆرە گوزارشـتی لـە پرسـی لەدایکبـوون و مـردن کـردووە:

**«کێ لە هاتندا پرسی پێ کرا**

**خۆ لە مردندا هەر بە زۆر برا**

**نامەرد هەی ساقی شەرابێ تێکە**

**بۆ دنیای تاریک هەر مەیە چرا» (٢).**

هەڵوێسـت وەرگرتنـی وجوودیانـە بەرانبـەر بـە هیچوپووچیـی ژیـان لای کافکا و لای خەیام و ئەبوعەلا مەعـەڕی بـەو شـێوانە گوزارشـتیان لـێ کـراوە. ئەگـەر ئاریشـە بوونگەرییەکانـی وەک لەدایکبـوون و مـردن، هـۆکاری بـە هیچوپـووچ سـەیرکردنی دنیـا بووبـن لای شـاعیران لـە سـەردەمە جیاوازەکانـدا، ئـەوە لـە دنیـای ئەمڕۆمانـدا هۆکارگەلێکی تـر هـەن وا لـە مـرۆڤ دەکـەن لـە نـاو کولتوورێکـی هیچوپووچـدا بژێـت.

میـلان کۆندێـرا لـە ڕۆمانـی ئاهەنگـی هیچوپووچیدا، دەڵێـت: (بێمانایـی، هاوڕێـم، جەوهـەری بوونـە. هەمیشە و لە هەموو جێگەیەک لەگەڵماندایە، تەنانەت لـەو جێگایانـەش کـە کـەس نایەوێـت بیانبینێـت، لـە ململانـێ خوێناوییـەکان و مەترسـییەکاندایە، بـەڵام مەسـەلەکە ئـەوە نییـە کـە بێمانایی بناسـین، بەڵکوو ئەوەیـە پێیـەوەی پەیوەسـت بیـت و فێربیـت چـۆن بکەویتـە نـاو خوشەویسـتیی بێماناییـەوە، هەناسـە بـدە لەنـاو ئـەو هەمـوو هیچوپووچییـەدا کـە دەوری داویـن، ئـەوە کلیلـی داناییـە، کلیلـی میزاجێکـی بـاش و ڕازی بوونـە) (٣).

نووسـەری کەنـەدی دوکتـۆر ئـالان دۆنـۆ، لـە کتێبێکـی بەناوبانگیـدا بـە نـاوی سیسـتمی (هیچوپووچـی)، ڕەخنەیەکی قـووڵ لـە کۆمەڵگەی نوێـی ڕۆژئـاوا دەگرێـت، بەکارهێنانـی وشـەی هیچوپووچـی لای ئـەم نووسـەرە، بەتـەواوی ئـەو سیسـتمە ڕامیـاری و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و فەرهەنگییـە لـە هـەر مانایەکی ژیاری و ژیاندۆسـتی خاڵـی دەکاتـەوە کـە بانگەشـەی بـۆ دەکرێـت. بەرپرسـیاریەتی سـەرهەڵدانی هیچوپووچـی سـەردەم بـۆ کۆمپانیـا گـەورەکان و زانکۆکانـی ڕۆژئـاوا دەگەڕێنێتـەوە؛ کاتێـک کۆمپانیـاکان پیشـە دەگـۆڕن بـۆ وەزیفـە، ئـەوە ئیتـر هیـچ خۆشەیسـتییەک بـۆ داهێنـان نامێنێتـەوە، ئـەوەی کـە لەلایـان گرنگـە تەنیـا زیادکردنـی قازانـج و کەڵەکەبوونـی زیاتـری سـەرمایەکەیانە.

ئیش خاڵییـە لـە ئیستێتیکا، بەپێچەوانـەی پیشـەوە کـە هونـەری تێدا دەنوێنرێت و پیشـەگەر عەشقی بـۆ پیشـەکەی هەیـە و خۆشی دەوێت. لـە ئیشدا مـرۆڤ تەنیـا چاوی لـە ژمـارەی کاتژمێـری کارە و چاوەڕوانی ڕۆژی پشـووەکەی دەکات. کرێکارێکی چاپخانە ڕۆژنامە چـاپ دەکات و خۆیشـی نایخوێنێتـەوە، کرێکارێکـی کارگـەی دروسـتکردنی جلوبەرگـی وەرزشـی جلوبـەرگ دروسـت دەکات و خۆیشی کاتـی نییـە لەبـەری بکات، یـان هـەر نرخەکـەی بـۆ نادرێـت، لێـرەوە هەسـت بـە هیچوپووچـی لای مـرۆڤ سـەرهەڵدەدات. کۆمپانیـاکان لەمـەدا بـە تەنیـا نیـن، بەڵکـوو زانکۆکانیـش هاوکاریانـن، زانکـۆکان لـە سـەردەمی هیچوپووچیـدا شـوێنێک نیـن بـۆ بەرهەمهێنانـی مەعریفـە و فێـری بیرکردنەوەمـان ناکـەن، بەڵکوو شـوێنێکن لـە خزمەتـی کاڵا و ڕیکلامـی بازرگانیـدان، زانکۆکان چیتـر ئەنجامی توێژینـەوە زانسـتییەکان ئاشکرا ناکـەن، بەڵکـوو هـەر بـە تەنیـا براندەکەیمـان بـۆ ئاشـکرا دەکـەن، مـۆری چ کۆمپانیایـەک لەسـەر توێژینەوەکـە دەبێـت و مامەڵـە پێوەکەرانـی کێـن. زانکـۆکان لەلایـەن بەڕێوەبەرانـی بانکـە گـەورەکان و کۆمپانیاکانـی ڕیکلامـی بازرگانـی و دەرمانـەوە ئاراسـتە دەکرێـن، ئـەوان ئەندامـی لیژنـە گرنگەکانـی نـاو زانکۆکانـن و قسـەش هـەر قسـەی خۆیانـە.

لێـرەدا مامۆسـتایانی زانکـۆ و ئەکادیمییـەکان

بەشێکی گەورەی بەرپرسیارییان دەکەوێتە سەرشان، ئەوان دەستەبژێرێکن لەبری ئەوەی کۆمەڵگە ئاراستە بکەن، خۆیان لە ناو دەستەواژەی «شارەزا»دا شاردووەتەوە، بیرکردنەوەکانیان لەپێناوی بیرکردنەوە و داهێناندا نییە، بەڵکوو سیستمێکی لۆجیکی بازاڕ دەیانجووڵێنێت، زیاتر لەوەی شارەزابن چەندوچوونکەرن، بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونێکی ئێدوارد سەعید، ئێدوارد سەعید (شارەزا) بە کەسێک پێناسە دەکات: «پێوەدانگە ئایدۆلۆجییەکان و بیر و سۆفیگەری بگۆڕێت بۆ توخمی مەعریفەیی لە ڕواڵەتێکی پاکدا» (٤). چەندوچونکەر کەسێکە پارەی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی دیاریکراو بیر بکاتەوە. بەباوەڕی ئێدوارد سەعید ئەم جۆرە هەڕەشە لە ڕۆشنبیر دەکات.

ئاشکرایە ڕۆشنبیر بەرگری لە مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات، دژی هەموو ئەو مەترسییە سەرزەنشتکردنانە دەبێتەوە کە پێوەندییان نەک هەر بە ژیانی خۆی، بەڵکوو ئەوانی تریشەوە هەیە. بەم پێیە لە سەردەمی هیچپووچیدا، زانکۆ شوێنێک نییە داهێنانمان پێشکەش بکات، هێندەی ئەوەی شوێنێکە بۆ ئیشکردن، شەوق و شۆڕی بیرکردنەوە بێ نرخ دەکات. کرێس هێگر کە ڕۆژنامەنووسێکە دەڵێت: «ئەکادیمیاکانمان بەرپرسیارن لە دەردە کۆمەڵایەتییەکانمان، سەرگەرمی بەرەو پێشچوونە وەزیفییەکانمانین، دڵمان لای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانمانە» (٥). ئەکادیمییەکان بە زمانی ئاڵۆز دەنووسن بۆ ئەوەی لە ژێر ناوی (شارەزا)دا کەس نەوێرێت ڕەخنەیان لێ بگرێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو ڕقیان لە هەر هەوڵێکیش دەبێتەوە کەسێکی تر لەو بوارەی نزیک لە ئەواندا هەبێت.

بەباوەڕی ئالان دۆنۆ، ئەمەش کە ئەوان دەیکەن لە بیرنەکردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە (نووسینی ڕەوان زۆر گرانترە لە نووسینی ئاڵۆز) (٦)، چونکە (هەر نووسینێک باش بیری لێ کرابێتەوە بە ڕوونی دەوترێت و ئەو شانەش کە پێیان دەوترێن باش دێنەدەرێ) (٧). ئەکادیمییەکان بە ئارەزوو ئاوەکە لێڵ دەکەن هەتا قووڵ بنوێنێت. زانکۆکان بە دڵی بازاڕ و بازاڕکاران دەجووڵێنەوە، نەک لە پێناوی داهێنانە زانستییەکاندا، سەرۆکی زانکۆی مۆنتریال لە ساڵی ٢٠١١ وتی: «پێویستە عەقڵەکان بە گوێرەی بازاڕی کار ببڕێن» (٨). لێرەدا زانکۆ دوای بازاڕ دەکەوێت، نەک بازاڕ دوای زانکۆ بکەوێت، ئیتر ئەوە بازاڕە و بەدەست هیچپووچەکانەوە دەبێت و دەخزێنە ناو زانکۆ و ناوەندە جیاوازەکانەوە. لێرەدا ئەوەی کە بێنرخ دەبێت زانست و توێژینەوەی زانستییە.

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی هیچپووچی ئەوەیە کە حکوومەت جێگە بە سیاسەت لێژ دەکات، سیاسەت وەک کایەیەکی چالاکیی مرۆیی و پڕ لە وزەی ژیان جێگەی نامێنێت و لە بەرانبەردا کارگێڕی جێگەی دەگرێتەوە. سیاسەت داوامان لێ دەکات چالاک بین و لەسەر پاراستنی ژینگە و مافەکانمان بێدەنگ نەبین، لە کاتێکدا حکوومەت فێری گوێڕایەڵیمان دەکات.

یارییەکە بکە، دەستەواژەیەکی تایبەتە لە کتێبەکەی ئالان دۆنۆدا، هەرچۆن یارییەکە دەکەیت بیکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت کە دەستگرتنە بەسەر کایە گرنگەکانی وەک سیاسەت و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەردا، دواجاریش یارییەکە لە سوودی کۆمپانیاکان و زیانی بەها مەعنەوییەکان کۆتایی دێت. ئەوانەی

یارییەکـە دەکـەن میدیۆکراسـەکانن، میدیۆکـراس زاراوەیەکـی فەرەنسـییە، لەسـەدەی نـۆزدەدا بـە چینـی ناوەڕاسـت وتـراوە، ئـەو چینـەی خەریکـی خۆڕۆشـنبیرکردن بـوون و لەهەمـان کاتـدا هەوڵـی گەیشـتن بـە دەسـەڵاتیان داوە، بـەڵام ئیتـر ئـەو زاراوەیـە مانـا کۆنەکـەی خـۆی لەدەسـت داوە، بەڵکـوو میدیۆکـراس ئـەو کەسـانەن یارییەکـە دەکـەن، هەمـوو شـتێک دەکـەن بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات و داگیرکردنـی شـانۆی ژیـان لـە قازانجـی خۆیـان.

سـەردەمی هیچوپووچـی، لەلایـەن کەسـە هیچوپووچەکانـەوە ئاراسـتە دەکرێـت، هیچوپووچـەکان پشـتی یەکتـر دەگـرن و هانـی یەکتـر دەدەن یاریـی خۆیـان بـکات، ئـەوان دەست بەسـەر بـازاڕ و سیاسـەتدا دەگـرن و لەوێوە پێگەی کۆمەڵایەتـی داگیردەکـەن. لـە ئامادەنەبوونـی بەهـا و بیـردا هیچوپووچـەکان جەنگەکـە لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان دەبەنـەوە و دەسـت بەسـەر هەمـوو جومگەکانـی ژیانـدا دەگـرن. لەسـەردەمی هیچوپووچیـدا ئـەدەب و هونـەری بـاڵا بێنـرخ دەکرێـن و لـە بریتیـدا ئـەدەب و هونـەری بـازاڕی بـەرەو پەیـدا دەکـەن.

هیچوپووچـەکان دوژمنـی پلـە یەکیـان کتێبـە، بیرکردنەوەیـە، چونکـە کتێـب دەتوانێـت بیرکردنەوەی مـرۆڤ دەسـتکاری بـکات، مرۆڤیـش کـە بیـری کـردەوە بەرانبـەر بـە هەلومەرجـی ژیانـی خـۆی هۆشـیار دەبێتـەوە، کـە هۆشـیاریش بوویتـەوە بـە ژیانـی زەلیلانـە ڕازی نابێـت، بەڵکـوو کار بـۆ گۆڕینـی دەکات. کارەکتـەرە هیچوپووچـەکان درکیـان بـەم مەترسـییە کـردووە، هـەر بۆیەشـە لـە ڕێگـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە کارێکیـان کـردووە مـرۆڤ لـە کتێـب دوور بکەوێتـەوە. مرۆڤـی نـوێ ئـەو مرۆڤـەی بـەر لـە سـەردەمی هیچوپووچـی نییـە کـە ڕۆمانـە کلاسـیکییە قەبـارە گەورەکانـی دەخوێنـدەوە، بەڵکـوو مرۆڤێکـە پشـتی کردووەتـە کتێـب و کتێبخانەکـەی و لـە بەرانبـەردا ڕووی کردووەتـە تیکتـۆک. تیکتـۆک و فەیسـبووک و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی تـر ئـەو ڕووبـەرەن بـە ئاسـانی هیچوپووچـەکان تێیانـدا دەبـن بـە ئەسـتێرەی نـاو دنیـای داهێنانـە ئەدەبـی و هونەرییـەکان، سادەنووسـەکانیان تێیـدا دەبنـە هزرمەنـد. لێبووکەکانیـش دەبـن بـە ئەکتـەر.

تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـوون بـە جێگـەی سـەرنجی نووسـەر و ڕەخنەگـری عـەرەب عەبدوڵـڵا غەزامـی، یەکێـک لـە کتێبەکانـی خـۆی بەنـاوی (ڕۆشـنبیریی تەلەڤزیۆنـی/ کەوتنـی دەسـتەبژێر و دەرکەوتنـی ڕۆشـنبیریی میللـی) (٩) بـۆ کاریگـەری تەلەڤزیـۆن تەرخـان کـردووە، دەشـێت ئێمـەش بپرسـین: ئایـا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان زەمینەیەکن بـۆ دەرکەوتنـی ڕۆشـنبیریی میللـی و کەوتنـی دەسـتەبژێرەکان؟ هەڵبەتـە ئەگـەر هەرچـی ناوەنـد و کەناڵێـک بـە تەنیـا ئامانجـی قازانجـی مـاددی بێـت و لەلایـەن خەڵکانـی هیچوپووچـەوە ئاراسـتە بکرێـت، بێگومـان بێجگـە لـە پەراوێزخسـتنی دەسـتەبژێرە بیرکـەرەوەکان، هیچوپووچـی بەرهـەم دەهێنێتـەوە و خەڵـک لـە بەهـای بـاڵا و ژیاندۆسـتی دوور دەخاتـەوە.

لـە کۆمەڵگـەی هاوشـێوەی ئێمـەدا، هیچوپووچی هەژموونـی کـردووە بەسـەر کایـەی ڕامیـاری و میدیایـی و هونەریـدا. کایـەی ڕامیـاری لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، ئـەو کایەیـە نییـە بـە مانـا ئەرسـتۆییەکە خەمـی چاکـەی گشـتی بێـت، خەمی بنیادنانـی مرۆڤـی هەڵگرتبێـت، بەڵکـوو لـە بریتیدا خەمـی حزبیەتـی، لـە بـری خەمـی هاووڵاتـی خەمـی هاوحزبییەتـی، سیاسـەت قسـەکردن نییـە لـە سـەر کێشـەکانی شـار، هێنـدەی ڕێگەیەکـە بـۆ دەوڵەمەندبـوون.

میدیای کوردی، میدیایەکە، یان لەلایەن حزبەوە ئاراستە دەکرێت، یان لەلایەن کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە، ڕووداوێکی گەورە فەرامۆش دەکات و ڕووداوێکی بچووک گەورە دەکات. میدیای ئێمە لە بریتی ئاراستەکردنی هاوولاتی و بینەر و هۆشیارکردنەوەیان، سەرگەرمی چەلەحانێ و ڕیکلامکردنە بۆ جۆرەکانی دایبی.

ڕێکخراوە هونەرییەکانیشمان بەردەوام لە خەمی ڕازیکردنی دڵی وەزارەتەکاندان، ساڵانە لە یادی کارەساتە نەتەوەییەکانماندا، چەند موناجاتێک بە ناوی هونەرەوە پێشکەش دەکەن، بەڵام ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن بۆچی گەیشتن بەوەی «بەکرێ دڵنەوایی قوربانیانی نیشتمان بکرێتەوە» (١٠)، ئەمە چی دەگەیەنێت جگە لە خاڵیکردنەوەی ناوەرۆکی هونەر لە بەها ژیاندۆستی و مرۆڤانەییەکەی؟ بێجگە لە غلۆربوونەوەی هونەر بۆ ناو سیستمی هیچوپووچی؟

یەکەمین بوار کە سووکایەتی پێ کراوە شیعر بووە، لەلایەن ئەو دەزگایانەوە کە دەڵێن شیعر چاپ ناکەین! ئەوان بێئاگان لەوەی ڕۆشنبیریی کوردی بنیادێکی شیعری هەیە و شیعر بەشێکی گرنگ و سەرەکیی ژێرخانی ڕۆشنبیریمانە. دووەمین بوار کە سووکایەتی پێ دەکەن ڕەخنەی ئەدەبییە و دەڵێن کێ ڕەخنە دەخوێنێتەوە؟ ئەمە بێجگە لە بواری هونەری شانۆ. کە شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی بێ نرخ دەکەن، لە بەرانبەردا کتێبە سادە و تەنک و پەمەییەکانی لە بابەتی (چۆن دەبیت بە ملیۆنێر) و گەشەپێدانی مرۆیی چاپ دەکەن! لە بەرانبەر بێبەهاکردنی شانۆدا کەناڵەکان بەڕووی قۆشمەچییەکاندا دەکرێنەوە، ئەم سەردەمی ئێمە سەردەمی دانیشتن نییە بە دیار کتێبە مەزنەکانەوە، سەردەمەی چوون بۆ هۆڵەکانی شانۆ نییە، هێندەی کات بەسەربردنە بەدیار گاڵتەجاڕەکانی ناو تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە. هیچوپووچەکانی سەردەمی هیچوپووچی، وەک دەرمانێکی سڕکەر هەموو ئەو شتانە دەرخواردی خەڵک دەدەن، خۆیشیان درێژەو بەردەوامی بە ستەمکاری دەدەن.

ئەوانەی کە جومگەکانی ژیانی مرۆڤایەتییان داگیرکردووە، هیچوپووچەکانن ئەوان پێمان دەڵێن:

(کتێبە ئاڵۆزەکانت بخەرە لاوە، کتێبەکانی ژمێریاری ئێستا زۆرترین سوودیان هەیە) (١١)! وەک ئەوەی ژیان بە تەنیا ژمارە بێت و هیچی تر. هیچوپووچەکان پێمان دەڵێن: کتێبە قەبارە گەورە و قورسەکانت دابخە، لێوت کەمێک خاو بکەرەوە، واز لە ئایدیا و پێشنیارەکانت بهێنە، دەستبەرداری بەهاکانت ببە. تۆ یارییەکە بکە، بەبێ ئەوی پێویست بە داگیرکردنی قەڵای باستیل بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بە ئاگرەکەی ڕایشتاخ بکات، هیچوپووچەکان جەنگەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە. دوژمنی یەکەم و سەرەکی ئەوان کتێب و هزر و زمانە.

کتێبەکەی ئالان دۆنۆ بە پلەی یەکەم ڕەخنەگرتنە لە سیستمی نیولبراڵ، ڕەخنەگرتنە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا، کە ڕۆشنبیر و توێژەر بۆ فەرمانبەرێک لە ناو سیستمیکدا و لە قازانجی سیستمێکدا دەگۆڕن، بەڵام قسەکردن لەسەر هیچوپووچی و کارەکتەری هیچوپووچ، لای فردریک نیتشە هەڵوێست وەرگرتنە بەرانبەر بە ژیان خۆی، نیتشە ژیان بە شتێکی بە نرخ و سەرچاوەی خۆشی دەبینێتەوە، هەر بۆیەشە دژی هیچوپووچەکان دەوەستێت. لە یەکێک لە بەشەکانی کتێبی زردەشت وەها دووا، نووسیویەتی (ژیان کانیاوی خۆشییە، وەلێ هەرکاتێ هەرچیوپەرچییەکان ئاویان لێ خواردەوە، تەواوی چاڵاوەکان ژەهراوی دەبن) (١٢). هیچوپووچەکان

لە کتێبەکەی ئالان دۆنۆدا، هەر کارەکتەری هەرچیوپەرچییەکانن لە دەقە شیعرییەکەی نیتشەدا (لووتی خۆم گرتبوو و بە پەستییەوە بەناو دوێنێ و ئەمڕۆدا دەڕۆیشتم، ڕاستییەکەی هەم دوێنێ و هەم ئەمڕۆ پڕە لە بۆگەنی نووسەرە هەرچیوپەرچییەکان) (١٣). ئەو نووسەرانەی نیتشە باسیان دەکات، هەمان ئەو توێژەر و ئەکادیمیانەن کە بە دڵی بازاڕ توێژینەوەکانیان دەنووسن. بیرکردنەوەیان لە پێناوی سیستمێکدایە کە لەسەر بنەمای ستەمکاری دامەزراوە. ئەوەی بەشداری لە هیچوپووچکردنی ژیانی ئەمڕۆدا کردووە، زانکۆکانی ڕۆژئاوان، ئەو ئەکادیمیستانەن توێژینەوەکانیان بە دڵی کۆمپانیاکان نووسیوە، لەوانەش کۆمپانیای کۆکا کۆلا کە چەندان توێژینەوەی باربوو کردووە، بۆ ئەوەی خاوەنی توێژینەوەکان بانگەشەی ئەوە بکەن (هۆکاری قەڵەوی لەو کالۆری گەرمییانەدا نییە کە لەناو کۆکا کۆلادایە، بەڵکوو وەرزش نەکردنە) (١٤)، هەروەها (پرۆفیسۆرەکانی کۆلێجی پزیشکی، لەلایەن کۆمپانیاکانی دەرمانەوە باربووکراون بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری زیانی لاوەکیی دەرمانەکان لە هۆڵەکانی خوێندندا) (١٥). ئەو دوو نموونەیە پێمان دەڵێن کە زانکۆکانی ڕۆژئاوا شانبەشانی سەرمایەدارەکان لە پرۆسەی هیچوپووچکردنی سەردەمەکەماندا بەشدارن.

من بانگەشەی ئەوە ناکەم ئەدەب و هونەر دەتوانن کۆمەڵگە بکەن بە بەهەشت، یان دەتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن، بەڵکوو بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە وەک ئەدۆنیس دەڵێت: «پێویستە بنیادە پێکهێنەرەکانی وەک خێزان، پەروەردە، ڕامیاری بگۆڕیت. گۆڕینی کۆمەڵگە کارێکە بە هونەر ناکرێت. هێشتا ئەو باوەڕی وایە پێویستە پێوەندی نێوان شتەکان و وشەکان بگۆڕێن، پاشان دەشێت تێڕوانینێکی نوێ بۆ جیهان لەدایک ببێت» (١٦). لە ڕێگەی گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤەوە دەتوانرێت کۆمەڵگە بگۆڕدرێت، چونکە ئەدەب دەستی بە قووڵاییەکانی ناخ و دەروونی مرۆڤ دەگات.

کەم نین ئەو کتێبانەی لە مێژوویەکی ئێجگار نزیکدا، لە ڕێگەی گۆڕینی تێڕوانینی مرۆڤەکانەوە گۆڕانکاریی بەرچاویان دروست کردووە. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا، شۆڕشگێڕان کتێبی «پەیمانی کۆمەڵایەتی»ی جان جاک ڕۆسۆیان کردبوو بەسەر نووکی شمشێرەکانیانەوە کە دەوری قەڵای باستیلیان دابوو. ڕۆمانی «کوخەکەی مام تۆم» بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێک لەناو کۆیلەکاندا. ڕۆمانی «یادگاری خانەی مردووان»ی فیۆدۆر دەیستۆیڤسکی، کۆتایی بە ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی لە زیندانەکانی ڕووسیای ئەو سەردەمەدا هێنا، ئەمەش پاش ئەوە بوو کە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی دوما، ڕۆمانەکەی خوێندبووەوە، دوای ئەوە ڕۆمانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە ناو هۆڵی ئەنجوومەنەکەوە و وتی ناکرێت ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە لە زیندانەکانی ڕووسیادا هەبن، کە ئەم ڕۆمانە لە خۆی گرتووە. بۆیە کە بابەتەکە خرایە دەنگدانەوە، هەڵگرتنی ئازاردان لە ناو زیندانەکاندا دەنگی بەدەست هێنا.

کاتێک ڕۆمانی (کۆلارەباز)ی خالید حوسەینی چاپکرا و لە ئەمریکا بوو بە یەکێک لە کتێبە پڕفرۆشەکان، بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی ڕۆمانەکە پێوەندییان بە نووسەری ڕۆمانەکەوە کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی جەنگی ئەفغانستان، (خالید حوسەینی)ش بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بە ناوی خۆیەوە دامەزراند و بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی و کۆمەکی خوێنەرانی ڕۆمانەکەی بە قوربانیانی جەنگ لە ئەفغانستان گەیاند.

ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن، بە قسەی یەکێک لە ڕەخنەگرانی

فارس کە ناوی (ڕەزا خەندان)ـە لە یەکێک لە فیستیڤاڵەکانی گەلاوێژدا کە خۆم لەوێ بووم وتی: (ڕۆمانی حەسار و سەگەکانی باوکم لە ئێراندا یاسای چاپەمەنییەکانی بەزاند)!

فیلمی (ژیانی بزنێک) کۆمەڵگەی عەرەبی هەژاند، پاش بڵاو بوونەوەی ئەو فیلمە هەندێک لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە، ئاهەنگی ساڵرۆژی لەدایکبوونیان بۆ ئەو کرێکارە بیانییانە گێڕا لەماڵەکانیاندا وەک کارەکەر و خزمەتکار ئیش دەکەن!

هەروەها ئۆگەستۆ بوال کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا وتاری ڕۆژی شانۆی جیهانی نووسی، پێی وایە شانۆ دەتوانێت گۆڕانکاری لە ناو کۆمەڵگەدا دروست بکات، وتارەکەشی بەناوونیشانی (شانۆ گۆڕانە)دا نووسی. ئۆگەستۆ بوال داهێنەری جۆرێک لە شانۆیە بەناوی شانۆی یاسایی.

«کاتێک کە بوال ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی (ڕیۆ دێ جانیرۆ) دەبێت، ئەم فۆرمە شانۆییە دادەهێنێت. ئامانجیشی لێک نزیککردنەوەی خەڵک و دامودەزگە حکومییەکانە، بەتایبەت ئەوانەی، کە تایبەتن بە یاسادانان. سروشتی ئەم شانۆیە وایە ئەکتەرەکان یاسایەک دەخەنە بەر باس و گفتوگۆ، کە لە ئەنجوومەنی پارێزگە خەریکی شەنوکەوی ئەم یاسایەن، سەرەتا ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی ڕاگوزەری هەندێک دیمەن لەسەر دیوە باش و خراپەکانی یاساکە نمایش دەکەن، پاشان نمایشەکە ڕادەگیرێت و سەبارەت بە یاساکە، دەست بە گفتوگۆ دەکەن. لەم کاتەدا کۆمەڵێک لە ئەکتەرەکان خەریکی نووسینەوەی تێبینییەکانی بینەرن لەسەر ئەم یاسایە، لە کۆتاییدا ئەکتەر و بینەر بەیەکەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی یاساکە دادەڕێژنەوە، پاشان لە ڕێگەی کاستی نمایشەوە یاساکە پێشکەشی ئەنجوومەنی پارێزگە دەکرێتەوە. بوال پێی وابوو، کە ئەمە دیموکراتی ڕاستەوخۆ و مەیدانییە، وەک ئەوەی لەلای گریکییەکان هەبووە، لەم چەند ساڵەی بوال ئەندامی پارێزگە بوو، ١٣ یاسا لەم شێوەیە هەموار کران و خرانە بواری جێبەجێکردنەوە» (١٧).

چی بکرێت؟ هیچوپووچی لەخۆڕا دروست نەبووە، ئەوان بەبەرنامە کاریان بۆ کردووە، لە هەموو شتێک قورستر، بێهیواکردنی مرۆڤی سەردەمە لە گۆڕانکاری، لە ڕێگەی بێهیواکردنی مرۆڤەوە، کارەکتەرێکی نوێی کۆمەڵایەتیی دەستەوەستانی دروست کردووە. خەسڵەتی ئەم کارەکتەرە نوێیە ئەوەیە دەڵێت: «من دەتوانم چی بکەم، من، شتێکی بچووک» (١٨)، ئەو مرۆڤە لەناو قەیرانگەلێکی قووڵدا دەژێت، بەڵام ئەوەی لە بیر براوەتەوە کە «مرۆڤ مەحکومە بە هیوا» (١٩). ئەدەب سەرچاوەیەکی گرنگی زیندووکردنەوەی هیوایە لە ناخی مرۆڤدا.

کەم نین ئەو ڕۆمانانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبووە. ئالان دۆنۆ پاش ئەو وردەکاری و شیکارییانەی لە کتێبەکەیدا خستوونیەتییە ڕوو، بەڵام مرۆڤ بە تەنیا لە ناو ئەو هەموو تاریکییەدا بەجێ ناهێڵێت کە سەردەمی هیچوپووچی خوڵقاندوویەتی، بەڵکوو ئەو داوامان لێدەکات ئێمە بە کۆمەڵ دەست بە دابڕانی دەستەجەمعی بکەین، لە بری ملکەچ بوون بۆ گەندەڵی «بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکەین کردەوەکانمان بتوانێت سیستمێک بڕووخێنێت کە بووە بە مایەی وێرانکارییەکی گەورە» (٢٠). ڕۆشنبیران بگەڕێنەوە بۆ ناو هێزی ڕەخنەیی و گوتاری ڕەخنەیی. لە میدیایەک بکشێنەوە کە سیستمی هیچوپووچی ئاراستەی دەکات و لە بریتیدا ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خۆیان جێبەجێ بکەن و لە بریتی کارەکتەرە هیچوپووچەکان، خۆیان کۆمەڵگە

ئاراستە بکەن، چونکە وەک دەزانین لەشکرێک لە کارەکتەری ڕامیاری هەن لە بری ئەوەی بۆ کۆمەڵگە بیربکەنەوە، کۆمەڵگە ئاراستە بکەن، مرۆڤ بنیاد بنێن، کەچی دێن دوای دروشمی سۆزدارانەی جەماوەر دەکەون، جەماوەریش ناتوانێت بیر بکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە کات و هەوڵی دەوێت. لەناو تێزەکانی سارتر و گرامشیدا، ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی چالاک و کارایە، ئومێدی لەسەر هەڵدەچنرێت، لە دنیای هیچوپووچیدا، ڕۆشنبیر لەو ئەرکەی خۆی پاشەکشەی کردووە، کە ژیانی ئەوانیتر و چارەنووسی کۆمەڵگەی بۆ گرنگ بێت. ئەوەی کە بووە بەژێر دەست و پێی دێوەکانی سیستمی هیچوپووچییەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە زەمینەی چەکەرەکردنی هیوا لای مرۆڤ دەخولقێنێت.

لە دنیای هیچوپووچیدا، مرۆڤ وەک تاک گەندەڵ دەبێت، پاشانیش خێزان و دامودەزگە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان. بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو سیستمە زاڵە بەر لە هەر شتێک پێویست دەکات، ئێمە دەست بە کاتەوە بگرین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکەم جار کاتی مرۆڤ دەدزن، پاشان عەقڵ و دەروونی، بەوەش مرۆڤ دەتوانێت هەم خۆی بپارێزێت و هەمیش زیان بەو سیستمە گەندەڵە بگەیەنێت. ئەگەر ئالان دۆنۆ ڕەخنەی لە زانکۆکانی ئەمریکا و بریتانیا و بانکەکان گرتبێت بەوەی سیستمێکی هیچوپووچیان بەرهەم هێناوە و هیچوپووچەکان تێیدا خۆیان قسەی یەکلاکەرەوە دەکەن، ئەوە لە دنیای ئێمەدا هەموومان بەشێکی زۆری بەرپرسیاریەتیمان لەسەر شانە، چونکە کاتبەخشین بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کچە مۆدێلەکان و کەسانی بێ بەهرە دەکات بە ئەستێرە و بە بازرگان و بە پەرلەمانتار، لە کاتێکدا نە شارەزای هونەری سیاسەتن و نە هیچ لە ئابووری دەزانن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا «مافی قسەکردن بۆ شەقاوە و بیرمەندێک، وەک یەک دەستەبەرە و بەیەک خێراییش بەسەرتاسەری دنیادا بڵاودەبنەوە، ئەمە لەکاتێکدا جاران قسەی شەقاوەکان سنووری چایخانە و کافتریای تێنەدەپەڕاند» (٢١). جاران قسەی ئەوان زیانی بۆ کۆی کۆمەڵگە نەبوو.

ئەمڕۆ تیکتۆکچییەکان، بەهۆی لایک و کۆمێنتەوە، لەلایەن کۆمپانیا بازرگانی و میدیاییەکانەوە، بژاردەیان دەخرێتە بەردەست و دەبنە بڕیاردەری چارەنووسی ئێمە، پەرە بە پیشەسازیی هیچوپووچیی دەدەن و تەمەنی ستەمکاری و تیرۆر و گەندەڵی درێژ و درێژتردەکەنەوە. لەنێوان دوو کەوانەدا « بەباوەڕی من» پشتکردنە دنیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەڕانەوە بۆ بەردەم کتێبخانەی ماڵەکانمان، بە دەستەوەگرتنی شاکارە مەزنەکان و خوێندنەوەیان، ڕووکردنەوە لە هۆڵی شانۆ و گەلەرییەکان، بژاردەیەکی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەردەمی هیچوپووچی. وەک چۆن لە سەردەمی بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دا، کتێب خوێندنەوە، چوون بۆ هۆڵی شانۆ و پێشانگە هونەرییەکان، جۆرێک لە ئالەنگاری ڕامیاری و وزەبەخشی ڕوحی مرۆڤی کورد بوون.

«ئەدەب هەر بە تەنیا سەرچاوەی چێژ وەرگرتن نییە، بەڵکوو سەرچاوەیەکیشە بۆ خۆناسین» (٢٢). ئێمە کاتێک ڕۆمانەکانی دەیستۆیڤسکی دەخوێنینەوە، سەرسام دەبین، ئەو سەرسامبوونەمان پێوەندی بە ئاشکرابوونی ڕووبەرە تاریک و دوورگە دوورەکانی ناخی خۆمانەوە هەیە، کە ڕۆماننووس بۆمان ڕۆشن دەکاتەوە و گەشتی ئەو دوورگەمان پێ دەکات. کە چیرۆک و ڕۆمانی شێرزاد حەسەن دەخوێنینەوە، خێرا دایک و خوشک و کچە هاوڕێکانی خۆمانمان بیردەکەوێتەوە کە قوربانیی کولتووری نێرینەیی

کوردین. کە شیعری محەمەد عومەر عوسمان دەخوێنینەوە، هەست بە غەریبی و تەنیایی و دڵشکانی مرۆڤ دەکەین، کە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دەخوێنینەوە مێژووی شکست و هەستانەوەکانی ئەم نەتەوەیە دەخوێنینەوە . هیچوپووچەکان پێمان دەڵێن «کتێبەکانت بخەرە ئەو لاوە، دنیا دنیای ژمارەیە» (٢٣)، بەڵام بەو بەڵگانەی سەرەوە دەڵێم دەستبەرداربوونمان لە ئەدەب، دەستبەردار بوونمانە لە سەرچاوەی گەورەی خۆناسینمان. هیچ شتێک نییە زانستی دەروونناسی بتوانێت بیڵێت و ئەدەب نەتوانێت، تەنانەت سیگمۆند فرۆید دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری، بۆ گەڵاڵەکردنی تیۆرەکەی گەڕاوەتەوە سەر کەلەپووری ئەدەبی مرۆڤایەتی، لە دەقە شانۆییەکانی (سۆفۆکلیس) ـەوە تا بە ڕۆمانی تاوان و سزای دەیستۆیڤسکی دەگات. ئەوەی فەیلەسووفێکی وەک ئالان دۆنۆ لە کتێبێکی گەورەدا سەبارەت بە دنیای هیچوپووچەکان خستوویەتییە ڕوو، میلان کۆندێراش لە ڕۆمانەکەی خۆیدا خستوویەتییە ڕوو، بەڵام جیاوازی لە شێوەکانی خستنە ڕووەکەدایە. ڕۆمان کار بەگێڕانەوە و کارەکتەرسازی و بینای درامیی چیرۆکەکان دەکات، بەڵام فەلسەفە کار بە چەمک و زاراوە و پێناسە دەکات، فەلسەفە پشت بە لۆجیک دەبەستێت و ڕۆمانیش پشت بە ئەندێشە دەبەستێت، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان هەر فەیلەسووف و ڕۆماننووسێک هەبوونی ڕوانگە و نیگەرانییەکە بەرانبەر بە ژیان و چارەنووسی مرۆڤ.

ئالان دۆنۆ پێمان دەڵێت هیچوپووچی لەناو حکوومەت و دامەزراوە میدیاییەکاندایە، لەناو سەندیکاکان و ڕێکخراوە هونەرییەکاندایە، میلان کۆندێرا پێمان دەڵێت لە هەموو شوێنێکدایە، بەڵکوو جەوهەری بوونە.

دەستەواژەی شیعر باوی نەماوە، ئەدەب سوودی چییە، دەستەواژەیەکە داهێنراوی هیچوپووچەکانە، دەیانەوێت مرۆڤ گەمژەبێت و دەربارەی خۆی و ئەو دنیایەی کە تێیدایە هیچ نەزانێت، چونکە وەک ئەرستۆ دەڵێت: «زانین ڕەندییە، نەزانین گەندییە» (٢٤). مرۆڤ کە زانابوو دەربارەی هەلومەرج و پێگەی ژیانی خۆی، خۆی ڕادەستی ژیانێکی هیچوپووچانە ناکات، بەڵکوو چاکەی گشتی دەوێت.

لێمان دەپرسن ئەدەب سوودی چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە (بۆرخیس)ی بێزار دەکرد و لە وەڵامدا دەیوت: «ئەی بۆ کەس ناپرسێت سوودی جریوەی باڵندە چییە، دیمەنی خۆرئاوا بوون چییە؟» (٢٥).

کتێبەکان (مەبەست لە کتێبە مەزنەکانە)، فێرمان دەکەن هەمیشە دنیا جیاوازتر لەوە ببینین کە دەسەڵاتدارانی ستەمکار بانگەشەی بۆ دەکەن، باوەڕ بەو بەهەشتە یۆتۆپییە نەکەین ئەوان مژدەی دروستکردنیمان بە گوێدا دەدەن. فەیلەسووفی فەرەنسی دیکارت داوامان لێ دەکات ئەگەر بۆ یەک جاریش بووبێت گومان لە هەموو قسە و ئایدیایەک بکەین تا حەقیقەتیان دەسەلمێنرێت.

(پیتەرڤایس)یش، لە شانۆنامەی مارا- سادا پێمان دەڵێت: «دیواری زیندانەکانی نێو ناخی مرۆڤ گەلێک لە دیواری زیندانەکانی دەرەوە بەرزتر و ئەستوورترن» (٢٦) ئەم دیالۆگەی نێوان مارا و ساد، بانگمان دەکەن بۆ ئەوەی گومان لە هەموو دروشمە ڕامیاری و ئایدۆلۆجییەکان بکەین، چونکە ئەوان توانایی ڕزگارکردنی مرۆڤیان نییە، ڕزگارکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤ، ڕووداوێکی ناوەکییە نەک دەرەکی. ئەو ڕزگارکردنە ناوەکییەش کارێکە لە دەسەڵاتی ئەدەبدایە، کە واتە با بگەڕێینەوە بەردەم کتێبخانەکانمان.

**پەراوێزەکان:**

١ - حسێن لەتیف، چرپەکانی دوای نیوەشەو، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٧٦٠ بەرواری ١٩٩٩/١٢/١٠
٢ - خەیام، وەرگێڕانی شێخ سەلام.
٣ - میلان کۆندێرا، وەرگێڕانی؛ معن عادل، ئاهەنگی هیچوپووچی.
٤ - د. ئالان دونۆ، وەرگێرانی دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پروپووچی، چ٢، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ل٣٣-٣٤، ساڵ ٢٠٢١.
٥ - ه.س.پ، ل ٤٣.
٦ - ه.س.پ، ل٧٧.
٧ - ه، س، پ، ل٧٧.
٨ - ه.س.پ، ل٤٩.
٩ - الدکتور عبداللە الغذامي، الثقافة التلفزيونية، سقوط النخبة وبروز الشعبي.
١٠ - لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ کارەساتی تەقینەوەی نەوت گوێزەرەوەیەک لە هەرێمی لاک میگانتیک دەکات بەهۆیەوە چل و حەوت کەس بوون بە قوربانی و ئاوی دەریاش ژەهراوی بوو، هونەرمەندان ئاهەنگێکیان بۆ دڵدانەوەی قوربانییەکان سازکرد، بەوەش حکوومەتەکانیان لە قەیرانێک ڕزگار کرد، بەڵام ئەو هەڵەیان بۆ نەرەخسێنرا ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن. ئایا یاریمان پێ دەکەن؟ ڕۆڵی ئێمە چییە بە کرێ بگیرێین لە دڵدانەوەی قوربانییەکانی کارەساتێکدا کە ڕژێم خۆی لێی بەرپرسیارە. بڕوانە: د. ئالان دۆنۆ وەرگێڕانی: دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پروپووچی، ل٢٩٥.
١١ - د. ئالان دۆنۆ، وەرگێرانی دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پڕوپووچی، ل١٧.
١٢ - فردریک نیتشە، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، زەردەشت وەها دووا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل٢٢٧، ساڵ٢٠٢٢.
١٣ - ه.س.پ.ش ل٢٢٩.
١٤ - د. ئالان دۆنۆ، وەرگێرانی دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پڕوپووچی، ل١١٦.
١٥ - ه.س.پ، ل١١٦.
١٦ - ئەدۆنیس لە چاوپێکەوتنیکدا لە ڕۆژنامەی زە گاردیان، ژمارەی ڕۆژی ٢٧/ ١/ ٢٠١٢.
١٧ - دیاری عومەر، گۆڤاری تاڤ، ژمارە ١، ٢٠١٨.
١٨ - د. ئالان دۆنۆ. وەرگێرانی دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پڕوپووچی، ل٤٢٢.
١٩ - شانۆنامەنووسی عەرەب سەعدوڵڵا وەنووس تووشی شێرپەنجە بوو، پزیشکەکەی پێی وت تۆ شەش مانگی دیکە دەژیت، بەڵام ئەو چەند ساڵێک دوای ئەو قسەیەی پزیشکەکەی ژیا و وتاری ڕۆژی شانۆی جیهانی بەناوونیشانی «ئێمە مەحکوومین بەهیوا» نووسی، وتی: کاتێک پێیان وتم شەش مانگی دیکە دەژیت، من نەبەزیم، بەڵکوو ڕەشنووسی شانۆنامەکانم تەواوکرد، کارەکتەرە شانۆییەکانم مەرگیان ڕاونا.
٢٠ - د. ئالان دۆنۆ. وەرگێرانی دوکتۆر ڕزگار ئاغا، سەردەمی پڕوپووچی، ل٣٢٦.
21-https://www.aletihad.ae/article/7647/2016/%D8%A3%D9%85%D8%A8%D9%8A%D8%B1%D8%AA%D9%88-%D8%A7%D9%8A%D9%83%D9%88-%D8%B3%D9%84%D8%A7%D8%AD-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B4%D8%B9%D8%A7%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B6%D8%A7%D8%B1%D9%8A
٢٢ - ماریو فارغاس، ت: راضي المناصي. لماذا نقرأ الادب؟ (لە ئینتەرنێتەوە).
٢٣ - ئەو دەربڕینە زیاد لە جارێک لە کتێبەکەی ئالان دۆنۆدا دووبارە بووەتەوە.
٢٤ - وشەی ڕەندی هاوتای وشەی فەزیلەی زمانی عەرەبی و گەندی هاوتای وشەی ڕەزیلەیە. بۆ یەکەم جار وەرگێرانی ئەو دوو وشە عەرەبییەم لای ئازاد بەرزنجی بینیوە.
٢٥ - ماریو فارغاس، ت:راضي المناصي. لماذا نقرأ الادب؟ (لە ئینتەرنێتەوە).
٢٦ - شانۆنامەی مارا - ساد، پیتەر ڤایس، لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧ .

**سەرنج:** ئەم بابەتە لە دووەمین فیستیڤاڵی ڕامان پێشکەش کراوە، کە ساڵی ٢٠٢٤، لە هەولێر ساز کرا.

**(ڕامان)**